ئەبەر ئەحمەد: نابینە بەشێك لە شەڕی ئەمریكا و ئێران



ئەبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی هەرێمی كوردستان ڕایگەیاند، هاوپەیمانان و ئەمریكا پابەندی خۆیان بە پاڵپشتی هەرێمی كوردستان دوپاتكردۆتەوە و وەك هاوپەیمانێكی ستراتیجی مامەڵەی لەگەڵ هەرێم دەكەن، دەشێت، "نابینە بەشێك لە شەڕی ئەمریكا و ئێران، و بەردەوام دەبین لەسەر ئەو سیاستە".

ئەبەر ئەحمەد، ئەمە یەكشەممە لە كۆنگرێیەكی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند، "داعش هەشتا هەشەیەكی بەهێزە. ئەو ڕێكخراوە لەم دواییانەدا لە ناوچە جیاجیاكانی عێراق و سوریا چالاكتر بوە، ئەوش پێویستیی بە هەماهەنگیی زیاتری ئەمنیی هەیە بۆ ئەوەی تیرۆریزم لەناو ببرێت".

ئاماژەی بەوەشكرد، ئەمریكا و هاوپەیمانان جەختیان لە پاڵپشتی هەرێمی كوردستان كردۆتەوە و كوردستان بەشێكە لە هاوپەیمانی دژی تیرۆر و وەك ستراتیج لە ناوچەكە مامەڵەی لەگەڵ هەرێمی كوردستان دەكەن. ئەوانیش پابەندن بەو دەستایەتیە.

لەبارەی گرژییەكانی نێوان ئەمریكا و ئێران، ئەبەر ئەحمەد وتی، "پێشتریش لەكاتی جەنگی 12 ڕۆژەی

ئیسرائیل و ئێران، هاوپەیمانداو عێراق و هەرێمی کوردستان نەبێتە بەشێك لە شەڕو بڕدوام دەبین لەسەر ئەو سیاستە".

دەشێت، "کوردستان نابێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر هیچ وڵاتێکی دراوسێ" و هەمیشە خوازیاری پەیوەندیی دۆستانە و سەقامگیریی لەگەڵ دراوسێکانیدا.

ئەو لێکاتێکدایە گرژییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران لە پەرەسەندی بڕدوامدایە و واشنتن بڕدوامە لە ناردنی هێزی سەربازی زیاتر بۆ ناوچەکە، کاتێکدا وەزیری دەرەوەی ئێران، دوای کۆتا گفتوگۆی دانوستانەکان ڕایگەیاند کە لەسەر "بنەما سەرەکییەکان" ڕێککەوتون.

لەلایەکی دیکەوە جی دی فانس، جێگری سەرۆکی ئەمریکا جەختیکردەوە کە تاران دانی بەو "هەڕەشە سوراندا" نێناوە کە دەناڵد ترەمپ دیاریکردوە. سەرۆکی ئەمریکاش لە کۆتا لێدواندا ڕایگەیاند کە خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە بژاردەی ئینجامدانی هێرشێکی سەربازیی سنوردار دژی ئێران.